# کتێبەکان دەسوتێن، مێژووی روخاندنی بەردەوامی کتێبخانەکان



نووسینی: لۆسیان بۆلاسترۆن

بڵاوکراوەی دۆنوێل، پاریس 2004.

ژمارەی لاپەڕە: 43 لاپەڕەی مام ناوەندی.

و:هەورامان وریا قانع

نووسەری ئەم کتێبە "لۆسیان بۆلاسترۆن" ساڵی 1944 لەدایک بووە، بەهەردوو زمانی عەرەبی و چینی قسە دەکات، پێشتر چەندین کتێبی تایبەتی دەربارەی جیهانی بڵاوکردنەوەو کتێب بڵاوکردۆتەوە، لەوانە (کاغەز، 2000ساڵ لەمێژوو).

(هێنرش هاینە)، شاعیری گەورەی ئەڵمانیا کە بانگەشەی ئازادی بۆ هەموو مرۆڤەکان دەکرد، بەبێ لەبەرچاوگرتنی رەنگی پێست یان بیروباوەڕ، نازییەکان ناویان لەسەر گۆڕەکەی لێکردەوە کە لەگۆڕستانی (مۆنمارتێر) لەپاریس نێژرابوو، ناوەکەیان لێکردەوە تاکو لەشوێنەکەیدا ئەم پەرەگرافە بنوسن: (ئالێرەدا ئەڵمانییەك راکشاوە)، ئەم شاعیرە لەڕستەیەکدا کە ماناکەی بەم جۆرەیە دەڵێ: (لە وڵاتێکدا کتێب تێدا بسوتێنرێ، دواتر مرۆڤیشی تێدا دەسوتێنرێت).

بەم شێوەیە هەر لە سەردەمە کۆنەکانەوە دیاردەی بڵاوکردنەوەی کتێب، هاوکاتە لەگەڵ دیاردەی سوتاندنی و تاکو ئێستاش رانەوەستاوەو بەردەوامە. ئەمەیە نوسەری ئەم کتێبە دەیگێڕێتەوە، هەر لەسەرهەڵدانی یەکەمین کتێبخانەوە تاکو سوتاندنی کتێبخانەکان لەئەسکەندەرییەو سەرایڤۆ بەتێپەڕین بەسەردەمی ئەندەلوس و چین و هندستان و خۆرئاوای مەسیحی و نازییەکان، ئەمە لەپاڵ توێژینەوە لەچەندین حاڵەتی بەرجەستەکراو کە بەم دواییانە لەیەکێتی سۆڤیەت و کەمبۆدیا و سریلانکا و کوبا و

ئەفغانستان و عێراق، ڕوویانداوە. بابەتەکانی ئەم کتێبە دابەشکراوە بەسەر 10 بەش و پێشەکییەک و دوو پاشکۆدا.

بێگومان بابەتی سوتاندنی کتێب یەکێک لەو بابەتانەی شوێنی بایەخ و گرنگیپێدانی زۆرێک لەتوێژەرانە. نوسەری بەریتانی بەڕەگەز ئاسیایی (تاریق عەلی) سەرەتای ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (لەژێر سێبەری دار هەنارێکدا) بەقسەکردن لەسەر سوتاندنی کتێب لەئەندەلوس دەستپێدەکات، کاتێ موسڵمانەکان لەئەندەلوس دەرکران، هیچ کتێبێکی ئیسلامی ڕزگار نەکرا، تەنها ئەوانە نەبێت کە هەندێ کەس لەدەرەوەی کتێبخانەکاندا دایاننابوون.کتێبخانەکان پێش ئەوەی بسوتێنرێن، خەڵکانێک هەبوون ئەو کتێبخانانەیان دروستکردووە، دانەر لەمەدا سیمایەکی هاوبەش دەبینێ لەنێوان (سەرکردەکانی جیهان) لەگەڵ ئەوانەی (دەیانەوێ نهێنیی جیهان بزانن). گەر لەسەردەمی سەدەکانی ناوەڕاستدا کتێبخانەکان دەستپێکێکی سادەو ساکاریان هەبوبێت و بەناوبانگترینیان لەئەوروپا چەند سەد کتێبێکی لەخۆگرتبێت، ئەوا لەکۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا، کتێبخانەی کۆنگرێسی ئەمریکی زیاد لەسەد ملیۆن کتێبی لەخۆگرتووە.

دانەر لەژێر ناونیشانی (زێدی کتێبخانەکان) ناوچەی وڵاتی ڕافیدەینی نێوانی دیجلەو فورات، لەسەردەمی سۆمەریەکان و ئەکەدییەکان، بەزێدی یەکەمی کتێبخانەکان دادەنێ. دەقە سەرەتاییەکان لەسەر پارچەیەک قوڕ دەنوسران، دواتر ئەو پارچە قوڕانە بە مەبەستی وشککردنەوەیان، لەژێر خۆردا یان لەناو تەنوری تایبەتدا دادەنران، بەڵام ئەوانە زۆر بەخێرایی خراپدەبوون. لەم بارەیەوە دانەر ئاماژە بە تابلۆیەکی قوڕین دەدا کە ناونیشانی 62 کاری ئەدەبی لەسەر هەڵکۆڵراوە و مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ 2000 ساڵ پێش زایینی و لەمۆزەخانەی (ڤیلادلڤیا) پارێزراوە. دانەر لەهەمان سیاقدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە دواتر ستونەکەی حامورابی دەرکەوت.

لەدەرئەنجامی کۆتاییدا "لۆسیان بۆلاسترۆن" دەگاتە ئەوەی (یەکەم کتێبخانەی نیشتمانی لەمێژوودا، تەنها لەناوچەی (هیلال الخصیب) نەبێ لەهیچ شوێنێکی دیکەدا دروستنەکراوەو یەکەم کتێبخانەی پاشایەتیش دەگەڕێتەوە بۆ هەمانکات)، ئەی لەمێژووی مرۆڤایەتیدا داستانی گەلگامێش لەدەقە ئەدەبییە سەرەتاییەکان نییە؟ میسرییە کۆنەکانیش دەستێکی باڵایان هەبووە لەبواری دروستکردنی کتێبخانەکاندا، لەم بارەیەوە ئاماژە بەوەدەکرێ کە لەسەردەمی (نیفر ئارکارا)دا، یەکێک لەکارمەندەکان لەسەر گۆڕەکەی نوسراوە (نوسەری خانووی کتێب) بووە، ئەمەش بەڵگەی بوونی کتێبخانەی فیرعەونییە کۆنەکان دەگەیەنێ.

ئیدی لەسەدەی شەشەمی پێش زایینییەوە، فەیلەسوفانی یۆنانی سەردانی چەندین جارەی میسریان کردووە، لەوانە (ئەفلاتون)و (فیساگۆرس)، بەڵام ئەوانە هەرگیز باسیان لە بوونی کتێبخانەکانی ئەوێ نەکردووە، وەلێ ئەمە ڕێگەی لەو قسەو قسەڵۆکە قێزەونانە نەگرتووە کە دەڵێ: (یۆنانییەیەکی نەناسراو لەوێ -واتە لەمیسر- دەقێکی ئامادەکراوی دۆزیوەتەوە، دواتر ئەو دەقە ئامادەکراوە لەژێر ناونیشانی ئەلیادەو ئۆدیسە بڵاودەکرێتەوە)، وەک ئەوەی دانەر ئاماژەی پێکردووە.

ئاشکرایە قسەکردن لەسەر میسر، ناچار پەلکێشمان دەکات بۆ قسەکردن لەسەر کتێبخانە گەورەکەی ئەسکەندەرییە، ئەم

کتێبخانەیە وەك ئەوەی چەندین ئاماژە دەریدەخەن، لەسەردەمی (البطالمة)دا دروستکراوە. یەکەم پاشایان دەستخۆشیی لەمنارەکەی ئەسکەندەرییە کردووە کە دواتر دەبێت بە یەکێك لەحەوت شتە سەرسوڕهێنەکەی جیهان، بەڵام کتێبخانەکەیان ناو ناوە (بەهەشتی مەعریفە). دانەر ئاماژە بەوە دەکات (بەتلیمۆسی دووەم) بانگی هەموو عەقڵە گەورەکانی جیهانی کردووە تاکو بێن بۆ ئەسکەندەرییە، لەوێ خواردن‌و شوێنی نیشتەجێیان بۆ دابینکراوەو موچەیەکی گەورەشیان بۆ بڕاوەتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی هاریکاری‌و بەشداری لەو پرۆژەیەدا بکەن. ئەم کتێبخانەیە لەسەرەتادا نزیکەی 20هەزار کتێبی لەخۆگرتووە کە هەندێکیان لەچەند بەشێك پێکهاتووە.

(کیلۆپاترا) بەشێوەیەکی ڕێك‌وپێك سەردانی ئەو کتێبخانەیەی کردووە، ڕۆمانیەکان لەسەردەمی (قەیسەر)دا بۆ سەرخستنی (کیلۆپاترا) دژ بەبراکەی (بەتلیمۆسی سیانزەهەم) دەستیان وەردایە ئەو ململانێیەی لەسەر دەسەڵات لە میسردا هەبوو، لەبەرئەوە (قەیسەر) بڕیاریدا ئەو کەشتیگەلە گەورەیەی بەنیازی دەستدرێژی لەبەندەرەکەدا ڕاوەستابوو، بسوتێنێ. بەڵام ئاگرتێبەردانەکە هەندێ بەشی دیکەی شارەکەی گرتەوە، خانووەکانی نزیك بەندەرەکە سوتان‌و ڕەشەباش لەمەدا یارمەتیی گواستنەوەی خێرای ئاگرەکەی دەدا بۆ بەشەکانی دیکە. بەم شێوەیە لە ساڵی 48ی پێش زاینی کتێبخانە گەورەکەی ئەسکەندەرییە بەتەواوی ڕوخا، بەپێی هەندێ لەخەملاندنەکان ژمارەی ئەو کتێبانەی فەوتان‌و لەناوچوون نزیکەی 400هەزار تا 1ملیۆن کتێب بووە.

هەندێ کەس دوای ڕووداوەکە بەماوەیەکی کەم ئاماژە بەوە دەکەن کە کۆمەڵێ گەنجینەی کتێبی نزیك بەندەرەکە سوتاون، نەك سوتاندنی کتێبخانەکە. هەندێکی دیکەی ئاماژە بەوە دەکەن کە قەیسەر خەونی بەوەوە بینیوە کتێبخانەیەکی گەورە لەڕۆما دروست بکات، بەڵام تیرۆرکردنەکەی ڕێگەی نەدا ئەو خەونەی بێنێتەدی، لەگەڵ ئەوەشدا دوای تێپەڕینی تەنها 9 ساڵ بەسەر جەنگی ئەسکەندەریەدا، لەڕۆما کتێبخانەیەك دروستکرا. مەسەلەکە هەرچۆنێ بێت کتێبخانەی ئەسکەندەرییە سەرلەنوێ دروستکرایەوەو ناوی لێنرا (دایکی کتێبخانەکان).

دانەر ئاماژە بەوە دەکات کە بەهێزبوونی پێگەی ئیسلام لەقۆناغەکانی بەراییدا، فەزڵەکەی دەگەڕێتەوە بۆ "عومەری کوڕی خەتاب" دووەم خەلیفەی ڕاشدین، بەڵام کتێبخانەکان لە (دار ئیسلام)دا لەسەدەکانی ناوەڕاستداو بەتایبەتی لەئەندەلوس گەیشتە لووتکەی گەشەکردن، وەلێ هەموو ئەم کتێبخانانە دواتر چارەنووسێکی تراژیدیی خراپیان بەخۆیانەوە بینی.

ڕەنگە دیارترینی ئەو حاڵەتانە، ئەوەبێت کە بەسەر کتێبخانەی قورتوبەدا هات لەسەدەی دەیەم، کە بەتەواوەتی تێکدراو ڕوخێنرا، ئەوانەشی کە ئەو کارەیان کرد لای هەموان ناسراون، قوربانیدان بەم کتێبخانانە لەسەر هەندێ حساباتی پێشوەخت بوو. لەو سەردەمەدا ئەندەلوس شوێنی کۆبوونەوەی فوقەهاو فەیلەسوفەکان بوو. دانەر جەخت لەوە دەکاتەوە کە وشەی فەیلەسوف بۆ یەکەمجار لەسەردەمی"عەبدولڕەحمانی سێیەمدا" دەرکەوت. ئەم وشەیەو ماناکەی هاوکات بووە لەگەڵ (الطب اليوناني)دا، لێرەدا ئەوەی شایانی ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە شاعیری ئەڵمانی "هێنریش هاینە" کە لەپێشەوە

باسـكراوە، سـاڵی 1823 شـانۆنامەیەکی بـەناوی (المنـصور) نوسـییەوە، ئیلـهامی نوسـینی ئـەم شـانۆنامەیەی لـەڕۆژگاری ئەنـدەلوس وەرگرتـووە، لەمێـژووی ئیـسلامدا ئـەو ڕۆژگـارە لەهـەموو ڕۆژگارەکـانی دیکـە زیـاتر گرنگـیو بایـەخی بـە مەعریفەو خۆشەویستی کتێب داوە، تەنها ئەو ماوەیە نەبێت کە (بیت الحکمە) لەبەغدادو لەمیانەی سەدەی نۆیـەمی زاینی دامەزرا، (بیت الحکمة) وەك کتێبخانەیەکی جەماوەری وابوو کە ئازادیی بیروڕا دەربڕینـی تێیدا باڵادەست بوو، هـەروەها ئـەو شـوێنەش بـوو کـە بەشـێوەیەکی نایـاب فەلـسەفەو ئـاین بەیەکدەگەشـتن. بـەڵام سـەردەمی کرانـەوە کـە لـەڕۆژگاری خەلیفەی عەباسـی"المأمون" هاتە ئاراوە، بەخێرایی کۆتـایی پێهـاتو (بیـت الحکمـة) لـەتێڕوانینی توندڕەوەکانـدا گـۆڕا بـۆ (خەزێنەی مەئمون).

لێـرەوە ئـەو سـەردەمە بێبـەش نـەبوو لـەخراپکردنو فەوتاندنی هەندێ کتێب، ئەمەش وایکرد مێژوونووسی ناسراو "تەبەری" بڵێ: (بەبێ وردبوونەوە لەناوەڕۆکی کتێب، نابێ هیچ کتێبێـك خراپبکرێـت)، ئەمـە لـە هەمانکاتـدا مانـای ئـەوەی دەگەیاند ئەو کتێبانـەی ناوەڕۆکەکەیانی باش نییە، پێویستە لەناوببرێن.

لەبەغـدای سـەدەکانی ناوەڕاسـتەوە بـۆ قـاهیرە کـە لـەو ڕۆژگـارەدا چـوار کتێبخانـەی تایبـەتی هـەبوو، دووانیـان بـۆ جوولەکەکان دەگەڕایەوە، یەکێکیان تایبەت بوو بە(ئەفراییم)ی پزیشكو ئـەویتریان تایبـەت بـوو بـە(یـەعقوب ئیبن کیلیس)ی وەزیـر. دوو کتێبخانەکـەی دیکـە یـەکێکیان کتێبخانـەی ئـەو دکتـۆرە شـاعیرە بـوو کـە کتێبێکـی لەسـەر ئەرسـتۆ نوسـیبوو، چـوارەم کتێبخانـەیان کـە لەهـەموان نایـابتربوو، کتێبخانـەی شـازادەی فاتیمییـەکان (مـەحمود دەوڵـەتی کـوڕی فاتـك) بـوو، بەڵام تەنها شوێنەوارێکی زۆر کەم لەم کتێبخانانە ماونەتەوە.

قسەکردن لەسەر سوتاندنو خراپکردنی کتێب، بەناتـەواوی دەمێنێتـەوە گـەر بـاس لـەوە نەکـەین (هۆلاکـۆ) چـیی بەسـەر کتێبخانەکانی بەغدادا هێنا، هۆلاکۆ ئەوەندە کتێبی فڕێدایە رووبـاری دیجلـەوە، ئاوەکـەی وەك ڕەنگـی مورەکـەبی لێهـات. دانەر سەبارەت بەهۆلاکۆ دەڵێ: (هۆلاکۆ پێش ئـەوەی جۆگاکان پـڕ بکـات لـەخوێن، زانـا موسـڵمانەکانی کـۆکردەوە تـاکو ئـەم پرسـیارەیان لێ بکـات: (ئایـا حـاکمێکی خراپـی موسـڵمان باشـترە یـان حـاکمێکی دادپـەروەری غـەیرە موسـڵمان)، هۆلاکـۆ خـۆی بـوزی بـوو، بـەڵام زاناکان تەواو لەو بڕوایەدا بوون وەڵامەکـەیان هەرچـۆنێك بێـت، ئـەوا هۆلاکـۆ سـەری هـەموویان هەر دەپەڕێنێت، بۆیە هـەموویان بێدەنگ بوون تەنها (ابن طارس) نـەبێ کـە وتـی: (حاکمـە غـەیرە موسـڵمانەکە باشترە) بەوەشـەوە نەوەسـتا بـەڵکو فەتوایەکیـشی دەرکـرد، لەئـەنجامی ئـەوەدا سەری خۆی رزگارکرد.

دانەر لەزمانی کەسێکەوە کە لەسەردەمی هاتنی مەغۆلەکان بۆ بەغداد ژیاوە، باس لـەو تـرسو تۆقاندنـە دەکـات کـە مەغۆلـەکان پێیهەسـتاونو دەڵـێ: (خـەڵکیان دەکوشـتو ئـەوەی بکەوتایەتـە بەردەسـتیان وێرانیـان دەکـردو تێكوپێکیـــــــــان دەداو دەیانسوتاند، پاشان چەندییان پێبکرایە تاڵانییان لەگەڵ خۆیان دەبرد. دانـەر دەڵـێ: (لەبەغداد، دوای ئەوەی هەموو خەڵکەکەیان کوشــــت، دەســـــتیانکرد بەڕوخانـدنی خەسـتەخانەکانو زانکۆکان، بەشێوەیەك ئەو شارە نـەمرە نـەتوانێ جارێکی دیکـە سەری بەرز بکاتەوە).

لەگـــەڵ ئەوەشـــدا، دانـــەر جـەخت لـەوە دەکاتـەوە، ئـەوەی

(تەیموری لەنگ) لەساڵی 1401 بەسەر سوریادا هێنای، زۆر لەوە ترسناکترە کە مەغۆلەکان بەسەر بەغدایاندا هێناوە، لەسوریادا نە مرۆڤێك، نەکتێبێك، نە منارەیەك چییە بەپێوە نەما، دەرئەنجامی هەموو ئەمانەش ئەوەیە کە جیهانی عەرەبی بۆ چەندین سەدە بێبەش بوو لەهەر بزوتنەوەیەکی زانستی، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئەو سەرچاوە گەورەیەی مەعریفەی لەدەستدا کە کتێبخانەکانی بەغدادو سوریا بەتایبەتی پێشکەشیان دەکرد.

بەڵام دوای تێپەڕبوونی دوو سەدە بەسەر ئەو کارەسات و وێرانی و سوتاندن و لەناوبردنەی کتێب دوچاریهات، لەسەر ئەرزی ئیسلام سێ رژێمی لەڕووی جوگرافییەوە دوور لەیەك، بەڵام لەڕووی کات و زەمەنەوە زۆر نزیك بوون لەیەك، دروستبوون. ئەم رژێمانە بوونە چاوگەی رووناکی و دۆزینەوە زانستییەکان، ئەو رژێمانەش بریتی بوون لەدەسەڵاتی خەلیفە مەئمون لە بەغداو ئەمەوییەکان لەقورتوبەو فاتیمییەکان لەقاهیرە.

دانەر لەژێر ناونیشانی (روخاندنی کتێبخانە تازەکان)، لەو لێدوانەی ئەمریکاوە دەستپێدەکات کە دەڵێ: (ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پێش سێپتێمبەری 2001، هیچ کەسێ لەسەر ئەرزو ئاوی خۆی هێرشی نەکردۆتە سەر)، وەلێ ئەمە لێدوانێکی هەڵەیە، چونکە بەریتانیەکان ساڵی 1812 هێرشیان کردە سەرو لەبەرواری 24ی ئابی 1814 سوپای بەریتانیای داگیرکەر ئاگریان لە(گومەزی ئەلکابیتۆل) بەرداو نزیکەی 3000هەزار کتێبیان سوتاند کە لەکتێبخانە تازە دروستکراوەکەیدا بوو. یەکێ لەو رێکەوتە سەیرو غەریبانە ئەوەیە لەمانگی سێپتێمبەری 1812 مۆسکۆ گەورەترین ئاگرکەوتنەوەی بەخۆیەوە بینیوە، ئەم ئاگرکەوتنەوەیە لەلایەن چەند تاوانبارێکەوە کە لەداداگاوە داواکرابوون ئەنجامدراو حاکمی شارەکە دنەی ئەو کەسانەی دابوو ئەو کارە بکەن.

دواتر تەکنەلۆژیای سەربازی مۆدێرن هاتە ئاراوە، ئیدی پرۆسەی سوتاندن و وێرانکردن، لەڕێگەی تۆپباران لەدوورەوە یان لەئاسمانەوە بەڕێوەدەچوو، ئەمەش شوێنی ئەو سوتاندنانەی گرتەوە کە تەنها بەدەست ئەنجامدەدراو بۆ کەسەکەش مەترسیداربوو، بەکورتییەکەی بنەماکانی یارییەکە گۆڕاو کتێبیش چووە حاڵەتی جەنگەوە. لەم بارەیەوە زەرەرزیانی فەرەنسییەکان و ئەڵمانییەکان هێجگار گەورەیە، ئەمە زۆر پێش جەنگی جیهانیی یەکەم و دووەم، بەدروستی لەساڵی 1870 و لەمیانەی جەنگی نێوان پروسیاو سوپاکانی ناپلیۆنی سێیەم.

لەو سەروبەندەدا شاری ستراسبۆرگ کە نزیك بوو لەسنوری پروسیاوە (ئەڵمانیا)، بڕیاریان دابوو بەرگری لەخۆیان بکەن، بڕیاریان دابوو مادام تەنها سەربازێك و تیکەیەك نان و فیشەکێکیان هەیە، ئەوا بەرگری دەکەن). لێرەوە ئەم شارە شەوی 24ی ئابی ساڵی 1870 رووبەڕووی تۆپبارانێکی چڕو خەست بووەوە کە بووە هۆی سوتاندنی کتێبخانەکەیان کە 400هەزار کتێبی تێدابووە.

ئیتالیاش لەجەنگی دووەمی جیهانی، کاتێ لەیەککاتدا لەلایەن ئەڵمانیاو هاوپەیمانەکانەوە تۆپباران کرا، زیاد لەملیۆنێك کتێب و نزیکەی 39هەزار دەستنووسی فەوتا. ئا بەم شێوەیە لە ساڵی 1944دا کتێبخانەی ئەکادیمیای زانستی و ئەدەبی لەشاری فلۆرەنسە بەتەواوی خاپورکرا.

دانەر ئاماژە بە(نەوەیەك لەخۆڵەمێش) دەکات، کە ئیتالیا

بەخۆیەوەبینی و دەڵێ: (ئەوەی بەسەر ئیتالیادا هات شتێکی زۆر کەمە لەچاو ئەوەی بەسەر بەریتانیادا هات، لە مانگی دیسەمبەری ساڵی 1940 زیاد لەبیست ملیۆن کتێب کە لەکتێبخانە جیاواز جیاوازەکانی لەندەندا بوو، نزیکەی 5ملیۆنیان فەوتاون و لەناوچوون)، ئەم حاڵەتەشی بەو ئاگرە گەورەیە بەراورد کرد کە ساڵی 1666 پایتەختی بەریتانیای گرتبووەوە. هیتلەر دەیویست ئاگری تۆپەکانی چەندی لەتوانایاندا هەبێ، خاکی بەریتانیا بسوتێنن.

ئەی سەبارەت بە بەلجیکای بێلایەن چ باسە؟

لەمیانەی جەنگی جیهانیی دووەم بەلجیکا بەتەواوی بێلایەن بوو، بەڵام شوێنەکەی خراپترین شوێن بوو لەجیهاندا بۆ وڵاتێك بیەوێ هەڵوێستێکی بێلایەنانە وەربگرێ، چونکە بێلایەنییەکەی رێگر نەبوو لەوەی نەهێڵێ ئەو ژمارە زۆرەی کتێبی کتێبخانەکانی نەسوتێ، لەهەموو ئەو کتێبخانانەدا تەنها کتێبخانەی پاشایەتی بەتەواوی مایەوەو بێ زیان بوو، کتێبخانەکانی (سان ترۆد)و (سماند)و (ترۆنای) لەکۆی 75 هەزار کتێب زیاد لە70هەزاریان لەناوچوون.

ئەو وێرانە گەورەیەی کە جەنگە مۆدێرنەکان هۆکاری دروستکردنی بوون، لەسەر ئاستی سوتاندن و لەناوبردنی کتێب، هۆیەکەی بەپلەی یەکەم بۆ ئەو تۆپە قورس و سوتێنەرانە ئەگەڕێتەوە کە دەتوانن قوڵترین ژێرزەمینیش ببڕن و شتەکانی ناوی وێران بکەن و بیسوتێنن. ئا بەم جۆرە تۆپە ئینگلیزی و ئەمریکییەکان لەمیانەی تەنها دوو رۆژدا (13–15 فەبرایەری ساڵی 1945) کە بەر ناوەڕاستی شاری (درسدن)ی ئەڵمانی دەکەوتن، توانییان شارەکە بەتەواوی وێران بکەن و 35هەزار مرۆڤیش بکوژن و کەس نازانێ چەندین هەزار کتێبیش لەناوچوون.

یابان لەمیانەی جەنگی جیهانیی دووەمدا، ژمارەیەکی زۆر تۆپی لەتۆپخانەکانی (جیهانی ئازاد)و فڕۆکەکانیانەوە بەرکەوت، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی کەلوپەلی بەشێکی زۆری کتێبخانە پڕ لەکتێبەکان ببنە خۆڵەمێش، لەمیانەی تەنها یەك سەعاتدا 220هەزار کتێب سوتێنران، هەر لەکتێبخانەی گشتییەوە بۆ ئەو 69 هەزار کتێبەی لەوەزارەتی دەرەوەدا بوو، لەگەڵ هەزاران کتێبی دیکە لەکتێبخانەکانی تردا.

**سەرچاوە:**

ماڵپەڕی ئەلمعابر



# مێژووی چاودێریکردنی ئەدەبیاتی جیهانی

لەم کتێبەدا کە ناونیشانەکەی (مێژووی چاودێریکردنی ئەدەبی جیهانی)یە، سێ نووسەری ئەمریکی، 120 کتێبیان لەسەرجەمی هەموو ئەو کتێبانەی کە قەدەغەکراون

یاخود بەبیانووی جیاواز جیاواز سوتاون، دیاریکردووە. نوسەرەکان ئەو کتێبانەیان بەسەر چوار بەشدا دابەشکردووە کە بریتین لە(کتێبە سیاسی و ئاینی و سێکسی و کۆمەڵایەتییەکان)، هەر بەشێکیش 30 کتێب لەخۆدەگرێ، ئەم کتێبانە پوختەیەکی مێژووی کورت دەربارەی قەدەغەکردن یاخود هەڵپەساردن یان سەپاندنی رەقابە باسدەکات.

ئەوە چییە "مارکس"و "هیتلەر"و "مارتن لۆسەر"و "مارکیز دی ساد" بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە؟

رەنگە بڵێین:

گەر مەسەلەکە پەیوەندیی بەرۆژی لەدایکبوون و بیروباوەڕیانەوە بێت، ئەوا هیچی وا پێکەوە کۆیان ناکاتەوە، بەڵام ئەوانە لەشتێکدا هاوبەشن ئەویش ئەوەیە، کتێبەکانی سیانیان لەکات و ساتی جیاواز جیاوازدا لەلایەن حکومەت و ئەو دەسەڵاتانەی لەکاریگەریی وشەی چاپکراو دەترسێن، قەدەغەکراوە.

لەمێژوودا ژمارەی کتێبە قەدەغەکراوەکان خۆی لەدەیان هەزار کتێب دەدا، مێژووی قەدەغەکردنی کتێب دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی ئەدەبی چاپکراو "سەرقۆسە"ی زۆردار، ئەو پیاوەی "ئەفلاتون" ئیشی لادەکردو پاشان لێی تووڕە دەبێت و وەك کۆیلەیەك دەیفرۆشێ، پێش 2500 ساڵ هەموو نووسراوەکانی "سوکرات"ی قەدەغەکرد. لەسەدەی چوارەم، کاتێ ئیمپراتۆریەتی رۆمانی (کۆنستانتین) چووە سەر ئاینی مەسیحی، کڵێسا هەستا بە قەدەغەکردنی هەموو ئەو داهێنانەی شاعیرو نوسەرو فەیلەسوفەکانی گریك و رۆما، پێش مەسیحیەت دایانهێنا بوو.

کتێبی (مێژووی چاودێریکردنی ئەدەبی جیهانی)، 120کتێب لەو کتێبانە هەڵدەبژێرێ کە بە بەناوبانگترین کتێبی قەدەغەکراو دادەنرێن، لەڕاستیدا نازانرێ بۆچی لەو دەیان هەزار کتێبەی کە هەمان چارەنووسیان هەبوو، تەنها ئەو 120 کتێبە هەڵبژێردراون.

هەروەها دیاریکردنی هەر بەشێ بە30کتێب، جێگای سەرسوڕمانە، گەر ئەوەمان لەبەرچاوگرت زۆربەی ئەو کتێبانەی قەدەغەکراون، هۆکارەکەی زیاتر سیاسی و ئاینی بووە، لەوانەی بەهۆی هۆکاری سێکسی و کۆمەڵایەتییەوە قەدەغەکراون.

لەوەش گرنگتر ئەوەیە جیاوازییەك هەیە لەنێوان چاودێریکردنی کتێب بەهەموو شێوازە جیاواز جیاوازەکانییەوە لەگەڵ قەدەغەکردنی روون و ئاشکرای کتێب. بەهەزاران کتێب لەگەڵ ئەوەی بەهۆی مقەستی رەقابەوە، چەند بەشێکی بڕاوە، وەلێ بڵاوکراوەتەوەو دەستاودەستی کردووە، بۆ نموونە لەکۆماری ئیسلامی ئێران، نزیکەی چوار هەزار کتێبی قەدەغەکراو دەستدەکەوێ. لێرەوە قەدەغەکردنی تەواوەتی کتێب، هەنگاوێکی دیکەیە لەگەندەڵیی ئەخلاقی سیستمە ستەمگەراکان، هەنگاوێکە ئەو سیستمانە لەپێناو دەستگرتن بەسەر فیکردا دەینێن. بەڵام لەم کتێبەدا هیچ جیاوازییەك نابینین لەنێوان قەدەغەکردن بەشێوەیەکی تەواو لەگەڵ قەدەغەکردن بەشێوەیەکی ناتەواو، واتە جیاوازییەك نابینین لەنێوان کتێبێك کە سەرجەمی کتێبەکە قەدەغەدەکرێ لەگەڵ کتێبێك کە چەند بەشێکی قەدەغە دەکرێت.

کێشەیەکی دیکەی ئەم کتێبە ئەوەیە کە گرنگییەکی

زۆر دەدات بە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەوێ کۆمەڵێکی کەم کتێب لەلایەن دەسەڵاتەکانەوە قەدەغەکراوە، ئەو کتێبانەی لەئەمریکادا رووبەرووی کێشەو گرفت بوونەتەوە، بەزۆری لەلایەن دامودەزگا ئاینی و سیاسی و چەند گروپێکی فشارەوە بووە، لەهەندێ حاڵەتدا ئەو گروپانە توانیویانە قەناعەت بەدادگا بکەن کتێبێکی تایبەت قەدەغە بکەن یان لەکتێبخانەی گشتی دووریبخەنەوە. بەڵام ئەو کتێبانەی کەوتوونەتە بەر ئەو قەدەغەکردنە یان ئەو دوورخستنەوەیە، لەدواجاردا توانیویانە بۆ جاری دووەم بگەڕێنەوە نێو مەیدانەکە، زۆربەی جاریش ئەو هەوڵانەی بۆ قەدەغەکردنی کتێب دراون، بووەتە هۆی زیاتر بڵاوبوونەوەی کتێبەکەو پەیداکردنی جەماوەرێکی زۆرتریش.

دانەر ئاماژەی بەوە دەکات گوایە قەدەغەکردنی کتێب لەبەر هۆکاری سیاسی، دەگەڕێتەوە بۆ حکومەتەکان، ئەمە ئاماژەکردنێکی هەڵەیە، چونکە یەکێ لەسەرچاوەکانی قەدەغەکردنی مەعریفە، لانی کەم لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بریتییە لەچالاکیی ئەنجومەنی بەڕێوەبەرایەتی پەیمانگاکان و چەند دەستەیەك لەهاووڵاتیان، بەتایبەتی ئەو هاووڵاتیانەی هەست دەکەن لەلایەن نوسەرانەوە سوکایەتییان پێدەکرێ یان هێرشیان دەکرێتە سەر، بۆیە هەوڵدەدەن ئەو کتێبانە لەبەردەستی جەماوەر دووربخەنەوە. کاتێ خوێنەر پوختەی ئەو کتێبانەی قەدەغەکراون دەخوێنێتەوە، ئەوا توشی سەرسوڕمان دەبێ لەو هەراو زەنایەی رەقابە سەپاندویەتی بەسەریدا یاخود بەتەواوی قەدەغەی کردووە. بۆ نموونە رۆمانی (ئازارەکانی ڤارتەر) لەئێستادا وەك وڕێنەکردنی گەنجێکی کەم ئەندام دەردەکەوێ، ئەم رۆمانە بەچاوپۆشین لەوەی رۆمانێکی تراژیدییە، بەڵام لەئێستادا وەك رۆمانێکی کۆمیدی روون و ئاشکرا دەردەکەوێ، کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لەسەردەمی خۆیدا قەدەغەکرا، دەسەڵاتی ئەوکات وایدەردەخست ئەم رۆمانە هانی لاوانی ئەڵمانیا دەدا لاسایی "ڤارتەر" بکەنەوەو خۆیان بکوژن.

دوای دوو سەدە، نۆرەی رۆمانی (الناقوس الزجاجی) هات، کە رۆمانێکی کورتەو شاعیری ئەمریکی خانم (سلڤیا بلاس) نوسیویەتی، ئەم نۆڤەڵێتە لەزۆر جێگادا قەدەغەکرا، چونکە وەك گریمانەیەك، کچە لاوەکان هاندەدا خۆیان بکوژن، لێرەدا دیسانەوە گەر یەکێ پوختەی ئەم رۆمانە بخوێنێتەوە، پرسیاری ئەوە دەکات ئاخۆ دەبێ نهێنیی مەترسیی ئەم رۆمانەی (بلاس) لەلای هەندێ کەس لەکوێدابێ؟

ئەی سەبارەت بەو هەوڵانەی کە بەدرێژایی سەدەکان دراون بۆ قەدەغەکردنی ئینجیل و قورئان بڵێین چی؟ ئەوەی بڕوای بەوە بێت خەڵکی لەبەر ئەوەی دەقە بنەڕەتییەکانیان دەستناکەوێ، ئیدی لەمەسیحی بوون و ئیسلام بوونی خۆیان دەکەون و دووردەکەونەوە، ئەوا بەهەڵە لەڕۆحی مرۆڤایەتی گەشتووە، نووسەری ئەم وتارە پێش چەند ساڵێ سەردانی چینی کرد، لەوێ چەند موسڵمانێکی بینی هەموو سورەتەکانی قورئانیان لەبەرکردبوو، ئەوانە بەو کارەیان شکستیان بەو قەدەغەکردنە هێنابوو کە دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان سەپاندبوویان بەسەر قورئاندا.

لەسەردەمی حوکمی دادگاکانی پشکنیندا، کڵێسای کاسۆلیکی بەبۆنەی سوتاندنی کتێبەوە، ئاهەنگگەلێکی زۆرو ئاشکرایان دەگێڕا، ئەمەشیان ناو دەنا (کاری ئیمان)، لەهەندێ جاردا دادگاکانی پشکنین تەنها

قەناعەتیان بەسوتاندنی کتێبەکە نەدەکرد، بەڵکو لەوە زیاتر دەرۆشتن و دانەرەکەشیان دەسوتاند، ئیدی گۆڕەپانی بەناوبانگ (کامبۆ دی ڤیوری) لە ڕۆما کە ئێستا پێی دەوترێ (باخچەی گوڵەکان)، ببووە شوێنی سوتاندنی ئەو نوسەرانەی کە دادگاکانی پشکنین دەستنیشانی دەکردن، یەکێك لەبەناوبانگترین ئەو فەیلەسوفانەی سوتێنرا (جیرۆدا برۆنۆ) بوو، کە دانەرانی ئەم کتێبە باس لەیەکێ لەکتێبەکانی دەکەن.

دانەرانی ئەم کتێبە دەستنیشانی کڵێسای کاسۆلیکی دەکەن، بەوەی لەمیانەی 1700 ساڵی رابردوودا بەرپرسیارترین دەزگا بووە بۆ قەدەغەکردنی کتێب، قەدەغەکردنەکەش تەنها تایبەت نەبووە بەقەدەغەکردنی دەقی ئاینەکانی دیکە، لەوانەش تەلمودو قورئان، بەڵکو قەدەغەکردنەکە هێند بەرفراوان بووە هەموو ئەدەبی ئەوروپای پێش مەسیحیەتی گرتووەتەوە.

بەڵام ئایا ئەم دەستنیشان کردنە دادپەروەرانەیە؟ زەحمەتە ئەوە بڵێین، چونکە مەسیحیەت لەسەدەی چوارەوە وەك ئاینێکی فەرمی، زۆرجار لەلایەن دەوڵەتەوە وەك ئامێرێك بەکارهاتووە، هەر کاتێکیش ئاین لەگەڵ سیاسەتدا هاوپەیمانییەکی بەست، ئەوا ئەو هاوپەیمانیەتە بە شکستی ئاین کۆتایی پێدێت، بۆیە پێویستە لەهەمان کاتدا سەرزەنشتی توندڕەویی دەسەڵاتی سیاسی بکرێ.

لەم کتێبەدا نووسینی هەندێ لەو نووسەرە هاوچەرخانە دەبینین کە بەلەدایکبوون موسڵمانن، لەوانە نوسەری بەریتانی "سەلمان روشدی"، ئاشکرایە کتێبەکەی (ئایەتە شەیتانییەکان) لەسەرەتای نەوەدەکاندا هەراوزەنایەکی گەورەی نایەوە، هەروەها رۆماننووسی بەنگلادیشی خاتوو "تەسلیمە نەسرین" کە بەهۆی رۆمانە کورتەکەیەوە (شورەیی) خوێنی حەڵاڵ کرا، بەڵام ئەوەی لەهەموویان زیاتر شوێنی مشتومڕو گرنگی پێدانە کێشەکەی "فاتیمە ئەلمەرنیسی"ە، ئەم خانمە ئەکادیمییەکی مەغریبیی چالاکە لەبواری مافەکانی ئافرەتان، تاکو ئێستاش کتێبەکەی (سەرپۆش و نوخبەی پیاوان) لەزۆربەی دەوڵەتە ئیسلامیەکاندا قەدەغەیە، ساڵی 2003 لەئێران وەرگێڕو بڵاوکەرەوەی کتێبەکەی "ئەلمەرنیسی" گیران و بەشەش ساڵ زیندانی حوکمدران، ئەمە لەکاتێکدا بوو ": محەمەد خاتەمی" سەرکۆماری ئەوکاتەی ئێران، ئامۆژگارییەکانی خۆی سەبارەت بە(گفتوگۆی شارستانییەتەکان) پێشکەش دەکرد.

ئەوانەی گرنگی بەو مشتومڕەی سەرۆکی ئێستای ئێران "محەمەد ئەحمەدی نەژاد"ی سەبارەت بەرەتکردنەوەی هۆلۆکۆست، دەدەن. ئەوا دەبێ گرنگی بەوە بدەن کە "ئەحمەدی نەژاد"ی ئەو بیروباوەڕەی خۆی لەسەر یەکێك لەو 120کتێبە قەدەغەکراوە گەڵاڵە کردووە کە لەم کتێبەدا ئاماژەی پێدراوە. ناوی ئەو کتێبەش (فریودانەکەی سەدەی بیستەم)ە، لەلایەن ئەکادیمیستی بەریتانی "ئارسەر بۆتز"ەوە نوسراوە. ئەم کتێبە ساڵی 1975 بڵاوکراوەتەوە، لەزۆر وڵاتدا قەدەغەکرا، لەوانە بەریتانیا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، بەڵام بەئاسانی لەئەڵمانیا و کەنەداو کۆماری ئیسلامی ئێران دەستدەکەوێ. لەزۆربەی حاڵەتەکاندا، ئەو کتێبانەی قەدەغەکراون گاڵتەیان بەوانە دێ کە رەقابەیان خستونەتەسەر، (ماوتیسۆنگ) کە کۆمۆنیستێکی چینی

ستەمگەر بوو، هەستا بەقەدەغەکردنی (هەڵبژاردەکان)ی "کۆنفۆسیۆش"و بڕیاری کۆکردنەوەو سوتاندنی هەموو نوسخەکانی دا. بەڵام (هەڵبژاردەکان) بەشێوەیەکی فیعلی هاتەوەو خۆیکردەوە بەهەمووماڵێکی چینیداو "کۆنفۆسیۆش"یش وەك نموونەیەك لەلای گەلی چینی شوێنی تایبەتی خۆی بەدەستهێنایەوە، کەچی ئەوەتا (ماوتیسۆنگ) دیارنەماوەو کەسێکی ئەوتۆ نابینی لەم ڕۆژەدا کتێبە بێ کەڵکەکەی (کتێبی سور) بخوێنێتەوە.

نوسەری گەورەی روس "ئەلسکەندەر سۆڵجستین" کە هێشتا لەژیاندایە، ئەویش حاڵەتێکی دیکەمان پێشکەش دەکات، ساڵی 1983 کتێبەکەی (ئەرخەبیل الغولاغ) قەدەغەکراو خودی "سۆڵجستین"یش لەیەکێتی سۆڤیەت دەرکرا. لەهەمان ئەو ساڵەدا "لیۆنید بریجنێف" دیکتاتۆرە پیرەکە، پاداشتی "لینین"ی بۆ ئەدەب وەرگرت، کە بەرزترین مەدالیابوو لەیەکێتی سۆڤیەت، لەو سەردەمەدا هەمووان دەیانزانی "بریجنێف" ناتوانێ تاقە وشەیەك بۆ دایکی بنوسێ، چ جای بەرهەمی ئەدەبێ، کەچی ئەوەتا لەمڕۆدا هیچ کەسێك "بریجنێف" ناخوێنێتەوە، بەڵام "سۆڵجستین" لەئەدەبی کلاسیکی روسیدا شوێنێکی بۆ خۆی زامنکردووە.

ئەوانەی هەڵدەستن بەقەدەغەکردنی کاری ئەدەبی و ئاینی و فەلسەفی، لەسەریانە ئەم کتێبە بخوێننەوە کە زانیارییەکی زۆر بەسود لەخۆدەگرێ، لەوانەیە ئەو قەناعەتەیان لا دروست بکات کە رەقابە ناتوانێ کاری خۆی بکات.

نوسینی: ئەمیر تاهیری

سەرچاوە:

الشرق الاوسط 2006/3/1

و: هەورامان وریا قانع